# شاڕەنگی بۆیە و سووراوی لێو بۆ ساڵی (٢٠١٥)

مۆدەکانی ماکیاژ و بۆیە و ڕەنگەکان، ماوە ماوە گۆڕانکاری تەواویان بەسەردا دێ و شێوەی دیکە و هەمە چەشن دەردەکەون و ئەوانەی پێشوو باویان نامێنێت. ڕەنگی ماکیاژ و ڕەنگی لێو، ئەو دوو لایەنەن کە لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین گۆڕانکاری لە ڕەنگ و شێوازەکانیان دەردەکەون. ڕەنگی لێو، لە هەر وەرزێك بۆ وەرزێکی دیکە جیاوازە، نەشیاوە ئەگەر ڕەنگی بۆیەی لێوی بەهاری لە هاوینەدا بەکاربهێنێت. تەنانەت بۆ هەر ساڵێك، لەلایەن پسپۆڕانی جوانکاری، ڕەنگە شیاوەکان بۆ بۆیە و سووراوی لێو هەڵدەبژێرن. لە ساڵی (٢٠١٥)دا، یەکێك لە ڕەنگەکانیان بە شاڕەنگی لێو داناوە، ئەویش ڕەنگی (وەنەوشە)یییە بۆ بۆیەی لێو، خانمان لە وەرزی هاوینەدا دەتوانن ڕەنگی وەنەوشەیی وەك ڕەنگی سەرەکی لە لێویان بدەن، ئەو ڕەنگە بە بریقە و بەبێ بریقە، واتە بە سادەییش هەر جوانە، لە دوای ڕەنگی وەنەوشەیی، دەتوانی ڕەنگی سوور بەکاربهێنێت، بەڵام لە وەرزی هاویندا دەبێ ڕەنگی سووری بە بریقە بێ، چونکە ئەگەر سادە بێت، دەرناکەوێ، گرنگە ڕەنگی لێوت لەگەڵ ڕەنگی پێستت بگونجێ، کاتێك ئەو دوو ڕەنگە جیاواز دەبن، لێوانت جوانی خۆیان نابەخشن، هەوڵیش بدە لەگەڵ ڕەنگی ماکیاژت لە یەکتر نزیك بن، ئەگەر جیاوازیش بوون، با ڕەنگی ماکیاژی چاو تۆختر نەبێ لە ڕەنگی لێو، ئەگەر لێوت لە ڕەنگێك بوو، نابێ هەموو جلت لە هەمان ڕەنگ بێ.





# جانتای پشت و جانتای دەست بۆ کچان

کچان، هەردەم پێویستیان بە جانتا دەبێ، هەندێکیان حەز بە جەنتای بچووك و هەندێکی دیکەش جانتای گەورەیان لا پەسندە، هەر بۆیە گرنگە کە جانتایەك هەبێت لە دەستیان، یان لەسەر شانیان بێ، تاوەکو کەرەستە و کەلوپەلەکانیان تێدا دابنێن. پسپۆڕان قسەیەکی خۆشیان هەیە لەسەر جانتای خانمان و دەڵێن: هەموو شتێکی تێدایە تەنیا گیانداری فیل نەبێت. کچانیش ئەوانەی لە قوتابخانە و زانکۆ دەخوێنن، پێوستیان بە جانتای جۆراوجۆرە، بەتایبەت ئەوانەی لە قوتابخانە دەخوێنن، زیاتر پێوستیان بە جانتای پشتە، تەنانەت کچانی زانکۆش، دەتوانن ئەو جۆرە جانتایە لە پشتیان بکەن، چونکە شێوازێکی جوان و نایابی هەیە، وێڕای ئەوەی کە دەستەکان ماندوو ناکات و لەسەر پشتیش ئەوەندە قورس نابێ، شێوازێکی جوان و خنجیلانەی هەیە، خانمان دەتوانن بۆ کچەکانیان دابینی بکەن، بەتایبەت ئەوانەی لە قۆناغی خوێندنن، هەروەها بۆ ئەوانەی تازە دەچنە قۆناغی زانکۆش، دەتوانن ئەو جانتایانە لە پشت بکەن، تا سیما و جوانییان سەرنجڕاکێش بێت، جلێکی نایاب لەگەڵ جانتای پشت، لە جوانیدا مۆدێکی نەوازەی دەبێت.



# چۆن جلو بەرگ لەگەڵ لەشو لارت ڕێک دەخەیت

هەندێ جار خانمان، هاوەڵ و دەستە خوشکانی خۆیان دەبینن، سەرسام دەبن لەوەی جلێکیان لەبەر کردووە، کە زۆر بە جوانی لێیان دەوەشێتەوە. ڕەنگە لە یەکتر بپرسن: ئاخۆ ئەو جلەیان لە کوێ کڕیوە و چ جۆرە مارکەیەکە؟ مەرج نییە جلەکەت لە مارکەیەکی گرانبەها بێ، یان لە چاکترین بەرگدروو کاری بۆ کرابێ، زۆر جلی دیکەش هەن، کە لەبەرت ئەوەندە شیك و جوانن، وەك ئەوە وایە لە مارکەیەکی بەناوبانگ بێ، گرنگە هونەری ڕێکخستن و شیکی جلەکانت بزانیت کە چۆن لەگەڵ لەش و لارتدا گونجاو و شیاو دەبن، لەم چەند خاڵەدا، هەوڵبدە سوود لە زانیاری تایبەت بە هونەری جل لەبەر کردن وەربگریت:

- ئەگەر باڵاتان کورت و مامناوەندە، جلی تەسك و پڕ بە جەستە لەبەر بکەن، چونکە جلی گەورەتر لە پێوانەی خۆتان، قەڵەوتر و کورتترتان نیشان دەدات، هەروەها بۆ ئەوانەی باڵایان بەرزە، چاکترە جلەکانیان بۆدی نەبێت، بەڵکو هەندێك کراوە بێت، تا لەگەڵ درێژی باڵایان ڕێکبکەوێ.

- ئەوانەی باڵایان کورت و ناوەندە، نابێ ئەو جلانە لەبەر بکەن کە هێڵ و نەخشی ئاسۆیی تێدایە، چونکە ئەو هێڵانە لە چاوی کەسی بەرامبەر باڵا و بەژنیان کورتتر و بچووکتر نیشان دەدات، بۆیە دەکرێ جلی وا لەبەر بکەن کە نەخش و هێڵی ستوونی تێدایە، هەروەها ئەوانەی باڵایان بەرزە، دەتوانن جلی وا لەبەر بکەن کە پڕ لە هێڵ و نەخشی ئاسۆیی بێت.

- سەبارەت بە ڕەنگەکان، دەبێ بە وریایی ڕەنگەکان هەڵبژێرن، بۆ نموونە ڕەنگی زەق و کراوە با لە جلەکانی بەشی سەرەوە بێت، ڕەنگی ئاچوخ و تۆخیش با لە جلەکانی بەشی خوارەوەی جەستە بێ، هەروەها دەبێ ڕەنگەکان لە یەکتر نزیك بن، تەنانەت ئەگەر ویستیشت ڕەنگی جلت ڕەنگاوڕەنگ بێ، دەبێ ڕەنگەکان نزیکی یەکتر بن، وەك : شین و ڕەش، یان ڕەساسی و سپی.


- ئەگەر جلێکت لەبەر کرد، بەتایبەت جل و بەرگی بەشی سەرەوە، هەوڵ بدە دووگمە و زنجیرەکانی تەواو دانەخەیت، چاکترە نیوەی کراوە بێ، یان هەر بکرێتەوە، تا سەرنجڕاکێش و جوان بێ، وا چاکیشە جل و بەرگت پڕ بە پێوانەی لەشو لارت بێت و گەورەتر و بچووکتر نەبێ.

- لە بارەی پانتۆڵەوە، ئەگەر جەستەت پڕ و قەڵەو و گەورە بێ، واچاکە جلەکەت ئەوەندە تەسك نەبێ، چونکە زیاتر جەستەت دەردەخات و جوانیت دەشێوێنێ، بە پێچەوانەش ڕاستە، ئەگەر جەستەت ورد و بچووکە، با جلەکەت هەندێك کراوە بێت، تا جوان لەسەر جەستەت بنیشێت، ئەگەر قاچەکانت باریك و ناسکە، هەوڵبدە پانتۆڵی تەسك و شێوازی ڕاست لەبەر بکەیت.





# شەقامێک لە شیرنەمەنی و شەکرۆکە



## دەست و خەتی وەزیری بەرگری ئەمریکا ببینە

زۆر جار دەبینین کە کەسایەتییەك سەردانی شوێنێك دەکات، لە دەفتەرێکدا یاداشتێك دەنووسێ کە لە چەند وشەیەك پێکهاتووە و راو و بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەو شوێنە، یان ئەو کۆبوونەوە و ئەو دیدارە دەنووسێ، کە ئەو یاداشتەش لە داهاتوودا دەمێنێتەوە و دەبێتە مێژوو بۆ ئەوڕۆ و ڕۆژانی داهاتوو، جگە لەوەی پەیامێکی تایبەتە و بە دەست و خەتی کەسایەتییەکان دەنووسرێتەوە، ئێمەش هەموومان پەرۆشین کە بزانین چی نووسیوە و بە چ شێوازێك گوزارشت لە بیروڕاکانی دەکات دەربارەی ئێمە.

وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە سەردانی ئەم دواییەی بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، یاداشتێکی بچووکی نووسی، لێرەدا یاداشتەکەی بە خەتی خۆی دەبینین کە نووسیویەتی: «بۆ سەرۆك بارزانی و هاوکارانی، لەگەڵ سەرسامی مەزنم بۆ لێهاتوویی و بوێریی پێشمەرگە و دانایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دۆستایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێمە لە هاوپەیمانێتییەکەمان لەگەڵ ئێوەدا بەردەوام دەبین.

ئاشتن کارتەر، وەزیری بەرگریی ئەمریکا».

To President Barzani and Colleagues –

With great admiration for the skill and courage of the Peshmerga, the wisdom of the KRG, and the friendship with the U.S. We look forward to continuing our partnership.

Ash Carter
US Secretary of Defense
July 24, 2015



وڵاتانی جیهان، هەر یەکەو بە کاری خۆیەوە سەرقاڵە، لە هەندێ وڵات شەڕ و ناخۆشییە، لە هەندێکی دیکەش شامی ئامانە، ئەگەر وڵاتی چین بە نموونە وەربگرین، بەهۆی زۆری دانیشتووانی، رۆژانە کاری سەیر لەو وڵاتە دەکرێ و ئەنجام دەدرێ، ئەوەتا لە تازەترین کارە سەمەرەکانیان، دروستکردنی راخەرێکی سەر شەقامە لە شیرنەمەنی و شەکرۆکە، کۆمپانیایی ئای ئێف ئیسی تایبەت بە دروستکردنی شیرنەمەنی لەو وڵاتە، لە یادی ساڵانەی خۆیدا، هەڵسا بە دروستکردنی گەورەترین و درێژترین بەرماڵە شیرنەمەنی، کە درێژییەکەی (٢٣) پێ بوو. واتە دەکاتە (٢٧٦) مەتر، ئەوەی جێگەی باسە نزیکەی (٢٠٠٠) کارمەندی شیرینی ئەو کۆمپانیایە بەشداری دروستکردنی ئەو شەقامە شیرینییە بوون، کارەکەش بە (٥) رۆژ تەواو بوو.

## منداڵە شاجوانە خنجیلانەکە



دوای ئەوەی بە بەشداریی نزیکەی (٤٠٠) منداڵی جوان، کە لەلایەن کۆمپانیایەکی رێکلامیی لە وڵاتی بەریتانیا پێشبڕکێیەك ئەنجام درا، شاجوانی منداڵانی بەشداربوو هەڵبژێردرا. شاجوانی خنجیلانە ناوی (نانسی ماك فارلین)ە و تەمەنی (٣) ساڵە، تا ئێستا بە جوانترین منداڵی جیهان دادەنرێ، کە بە پێکەنینێکی جوان و چاوێکی پڕ ئاوەوە، کوڵمەکانیشی سوور و پەمەیی دەردەکەون، ئەگەر منداڵانی کوردیش بەشدارییان کردبایە، رەنگە لە نازناوەکە نزیك دەبوون، چونکە منداڵی کوردیش جوان و خنجیلانەن، خەڵاتی پێشبڕکێیەکەش بریتی بوو لەوەی ئەو منداڵە بۆ ماوەی ساڵێك دەبێتە پاڵەوانی رێکلامەکانی ئەو کۆمپانیایە، وێڕای ئەوەی هەموو کەرەستە و کەلوپەل و پێداویستیی ئەو شاجوانە بۆ ماوەی ساڵێك لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت، جوانیی ئەو منداڵە لە شێوەی رووخساریەتی، کە هەر دەڵێی بووکە شووشەیە و لە منداڵی ئاسایی ناچێ، لە وێنەکاندا بە زەردەخەنەوە دڵی هەموو کەسێك بۆ خۆی رادەکێشێت.



# جووتە پێڵاوێک بە ملیۆنێک دۆلار


دوای ئەوەی ئەو جووتە پێڵاوە بە نرخە لە ساڵی (١٩٣٩) لە پێی ئەکتەری ئەمریکی (جـــودی گارلاند)دا بوو، کە کارێکتەری ســـەرەکی بوو لە فیلمـــی (ویزارد ئۆف ئۆز)، دواتر ئـــەو پێڵاوانە لە موزەخانـــەی گارلاند لە ویلایەتی مینســـوتا دانرابـــوو، دواتر پێڵاوەکە دزرا، تا ئێســـتاش بە دوای دۆزینەوەی جووتە پێڵاوەکەن، دوای ماوەیەکی زۆری پشـــکنین، ســـەرەنجام بێ هیوا بوون، ئێستاش خەڵاتێکی گرانبەها دانراوە بۆ ئەو کەسەی زانیاری لەسەر ئەو پێڵاوانە هەبـــێ، یان بیاندۆزێتەوە، ئەوەی جێگەی ســـەیرە چەندین کەس ئەو پێڵاوەیان دروســـت کردووە و دەڵێن ئەوە پێڵاوەکەیە تا خەڵاتەکە بەدەست بهێنن، کەچی پێڵاوە راستەقینەکە تا ئێستا بێ سەروشوێنە، گرنگیی ئەو جووتە پێڵاوە لەوەدایە کە وەک کەرەســـتەیەکی کۆن دادەنرێ و نرخی راستەقینەی دەگاتە (٣) ملیۆن دۆلار.



# پیاوی گورگ

ئەو پیاوەیە کـــە کەس ناتوانێ نزیکـــی بێتەوە، چونکە لەلایەن کۆمەڵە گورگێکەوە پاســـەوانی بۆ دەکەن، ئەوەی نیـــازی وا بێ ئـــەو پیاوە ئەزیەت بـــدات، دەبێ پارچەی جەســـتەی لە چەند شـــوێنێك بدۆزێتەوە. ئەو پیاوە ناوی (لۆرنێر فرێند)ـە و تەمەنی (٧٩) ســـاڵە و لە ناوچەیەك بە ناوی (مێرزگ) لە ئەڵمانیا دەژی. ئەوەی ســـەیرە ئەو پیاوە، هەمان ئەو خواردنانە دەخوات کە گورگەکان دەیخۆن، تا وا لە گورگەکان بکات کە وەك خۆیان ســـەیری بکەن، هەر بۆیە تا ئێستا لەناویان ماوە و وەك هاورێییەکی نزیکی خۆیانیان داناوە.

## پەند و وتە



**ویلیام شەکسپیر، لە بارەی رەوشت و هەست دەڵێت:**

هەوڵبدە هەردەم رەوشـــت بەرز بێت و رەوشتت بپارێزە، چونکە تاکە شـــتێکە کەس ناتوانێ دەستکاری بکات، تۆش رەوشت و کەسایەتیت بپارێزە، چونکە لە تۆ زیاتر دەژی و نازانی چ بەختێکی بۆت شاردۆتەوە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەیەکە لە دوای ڕووداوەکـانـەوە هەڵەکانت بیردێتەوە. دەبێ پێشوەختە بزانی لە کوێدا هەڵە نەکەیت، بۆیی ماوەیەکە بەهۆی ئەو گرفتانەوە بێزاریت پێوە دیارە. شێوازی بیرکردنەوەت بۆ داهاتووت گونجاوە و هەوڵبدە ڕێگە بدە کەسێکی دڵسۆزت هاوکارت بێت، خەم لە گرفتەکان مەخۆ و هەوڵی چارسەریان بۆ بدە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەندێ بیرکردنەوەت بۆ ژیانی تایبەتیت تووشی هەڵە و گومانت دەکـەن. کەسایەتیت بەهێزە و مەهێڵە بە کێشەیەك کاریگەریت تێبکات و سەر لە خۆت بشێوێنیت، ڕێگەی داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێ. کەسێك دەیەوێ کارێکت پێ بسپێرێت و تۆش جێبەجێ بکە، سوودی زۆری بۆت دەبێت.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕەفتارە توند و گرژەکانت تووشی زۆر کێشەی کردووی، خەریکە شێوازی ژیانت دەگۆڕێت، لـەم مـاوەیـەدا لەگەڵ کەسێك کێشەتان هـەبـوو، دڵـت گـەورە بکە و لێی ببوورە، کەسایەتیت ژیرانەیە و بیرکردنەوەشت جوانە بۆ داهاتووت، هەنگاوەکانت شیاون و بەبێ گرفت ڕێگەیان گرتووە، بیر لە هەست و سۆزت بکەوە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بۆ داهاتووی خۆت، راوێژ بە کەسێك بکە و لە بیرۆکەکانتی تێبگەیەنە. تا دەتوانی لە بە بیرکردنەوە کارەکانت ئەنجام بدە. ماوەیەکە لەگەڵ کەسێکدا ساتەوەختێکی خۆش بەسەر دەبەن، مەهێڵە نێوانتان لەسەر شتی بچووك تێکبچێ، یان تووشی کێشە بن، هەندێ لە بڕیارەکانت داهاتووت دیاری دەکەن و هێمن بە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پێویستە ماوەیەك چاودێریی کەسانی دەوروبەرت بکەیت و بزانیت کە کێیە ئەوەندە لە دوای تۆیە و چاودێریت دەکات. ئەو شێوازەی ئێستات گونجاوە تا لەگەڵ کەسانی دیکە مامەڵە بکەیت، کەسێکی نزیکت دەیەوێ یارمەتیت بدات و هەستی بۆت هەیە، کێشەکانت زوو چارەسەر دەبن و نیگەران مەبە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

چاودێریی کەسانی دیکە بە هیچ ئامانجێکت ناگەیەنێت، هەوڵبدە لە نزیکەوە لە یەکتر تێبگەن و چارەسەریش بۆ ئەو کێشەیەی ئێستات ئاسانە، تەنیا ئەوەیە کە کاروباری ڕۆژانەت جێبەجێ بکەیت و فەرامۆشیان نەکەیت. ماوەیەکە بیرکردنەوەت بۆ داهاتوو گۆڕاوە و چاکترە وەك جاران پلان بۆ داهاتووت دابڕێژیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


بڕیارەکانت دروستـن و دەبـێ بە وریـایـی لـە داهاتووت بڕوانیت، وا هەست مەکە کەسانی دەوروبـەرت بە توندی مامەڵەت لەگەڵ دەکـەن، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی تۆیانە و دەیانەوێ لە کێشەکان بە دوور بیت. کێشەت لەگەڵ ئەو کەسە خۆشەویستەت مانای کۆتایی پێوەندیتان نییە، لە داهاتووشدا کێشەکانتان چارەسەر دەبن.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەو کاتانەی نیازت وایە کارێك ئەنجام بدەیت، سەرەتا دەبێ بزانی ئەنجامەکانی چۆن دەبێ و پێشبینیی سەرنەکەوتنیش بکە، نەوەك کە کارێکت بۆت نەبوو، دواتر خەمی لێ بخۆی. کەسانی دەوروبەرت بە دروستی رەفتارت لەگەڵ دەکەن، تۆش هەوڵبدە نەرم و نیان بیت، کەسایەتیت لە ئاستێکی باشدایە.

# گەرما هێمای شەقامەکانیش دەتوێنێتەوە



ماوەیەکە کەش و هەوا ئەوەندە گەرمە، کە کەس بەرگەی ئەو گەرما بەتێنەی تیشکی هەتاو ناگرێ، وەك پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ: سەری کەچەڵان دەسووتێنێ، تا ئێستا گەرمترین شـوێن لە جیهاندا وڵاتی هیندستانە، کە ئەوەندە گەرمە، هێمای سـەر شـەقامەکانی تواندۆتەوە، ئەوەتا لە تازەتریـن پێوانەی گەرمیدا، پلەی گەرمی لە نێوان ٤٥ تا ٥٣ رۆیشتووە، ئەوەش وای کردووە کە نزیکەی ١١٥٠ کەس لە گەرمان بمرن. ئەو شوێنەی لەو وڵاتە کە پلەی گەرمی زۆر بەرزە، ویلایەتی (ئەندرا برادیش)ە کە تا ئێسـتا تەنیا لەو شارە (٨٨٤) کەس مردوون.

## یاری پیت

هەوڵبدە لە ریزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی :

ك ا ن د د ۆ

ئاسانکاری:
خواردنێکی کوردەوارییە ! داندۆك

## مانای خەون



**- سەرۆك، سەرکردە**


خەوێکی خۆشە، کاتێك لە خەودا دەبینی تۆ کراوی بە سەرۆك و سەرکردە، لە خۆتەوە هەست بە گەورەیی و دڵنیایی دەکەیت، بە تۆ بێت لە خەوەکەدا هەڵنەستیتەوە و هەر بخەوی، با بزانین ئەگەر کەسـێك بوو بە سەرکردە مانای چییە. ئەو کەسەی خەو ببینێت کە بۆتە سەرۆك و سـەرکردە، مانای ئەوەیە کە دەبێتە کەسێکی بەناوبانگ، هەروەها مانای باشی و چاکی ئەو کەسە دەردەخات، واتە کەسـێکە کە خۆشەویستە لەلای خەڵك و زۆربەی خەڵك لێ رازین، ئەگەر لە خەودا تۆ سـەرۆك بیت و لەسـەر پۆستەکەت لابچیت، مانای ئەوەیە کە تووشـی کێشە و گرفت دەبیتەوە. ئەگەر لە خەودا، لەگەڵ کەسـێکی سەرکردە دانیشتووی و قسـەتان کرد، مانای تـۆ بە کاری چاکـە دەگەیت و لە داهاتوودا کارەکانت سەرکەوتوو دەبن.

## بۆ زانیاریت

### کارتی دڵنیایی - Credit Card


دەگێڕنـەوە کـە لـە پێشـوودا، پیاوێکی ئەمریکـی چۆتە چێشـتخانەیەك و پارەی پێ نەبووە، ئینجا نەیزانیوە چی بکات و چـۆن خۆی دەرباز بکات، هەر بۆیە بیرۆکەی کارتی بۆ هاتووە، کـە کارتەکە بایی برە پارەیەك بێـت، دواتر ئەو بیرۆکەیە پەرەی پێدرا و کرایە کارتی ئەلیکترۆنی. ئەو کارتە بریتییە لە کارتێکی پلاسـتیك و بەپێـی داتایەکی بچووك کە هەڵگـری کۆمەڵێك زانیاریی کەسـێك، یان لایەنێکە، لە ساڵی (١٩٢٠) بۆ یەکەمین جـار ئەو بیرۆکەیـە جێبەجێ کرا. کە ئـەوەی کارتێکی هەبێ، دەتوانێـت ئەکاونتێـك بە ناوێك لە بانکـدا بکاتەوە، دواتر چەند برە پارەی پێویسـت بێـت لەناو بانکی خـۆی بێت و دەتوانێت بەو کارتە لە هەر شـوێنێك بێت، پارەی خوێ رابکێشـێت، وێڕای ئەوەی کە بانك قازانجی خۆی لـەو ئاڵوگۆڕە وەردەگرێت.
چەند جۆریش کارتی دڵنیایی هەن، لەوانە: کارتی دڵنیایی، کارتی پـڕ کردنەوە، کارتی قـەرز، کارتی گەرێنتی دڵنیایی، کارتی هۆشـمەند، کارتی پارەدانی پێشوەختە، کارتی بەشداریکردن، کارتی پاداشت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

خۆت بە کەسانی دیکە مەبەستەوە و هەوڵبدە کارەکانت بەخۆت جێبەجێیان بکەیت. کەسێك دەیەوێ لە هەستەکانت نزیك بێتەوە و دڵت بەدەست بهێنێت، باشترە ماوەیەك بیناسیت و بزانی چ مەبەستێکی هەیە. کاری ئێستات بۆ داهاتوو دوا مەخە، شانازی بە کارەکانت بکە و لێیان پەشیمان مەبەوە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

چارەسەری گرفتەکانت بەم جۆرە نابێ، پێویستە پێداچوونەوە بۆ کارەکانت بکەیت و بزانی لە کوێوە هەڵەت کردووە. لە دوای کارەکانت خۆت سەرزەنشت مەکە و بیر لە دواتر بکەوە، تا وانەیەك بێت بۆت، لە ژیانی رۆژانەت مامەڵەیەکی دروست بکە و لە ناکۆکی و کێشە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت دوور بکەوە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کەسایەتیت کاریگەرە لەسەر کەسانی دەوروبەرت، هەوڵبدە ئەو کەسانە لێت تێبگەن کە ماوەیەکە دژایەتیت دەکەن، ئەگەر هەر بەردەوام بوون، تۆش رێگەی دروستیان پێ نیشان بدە، هەنگاوەکانت رێگەی دروستیـان گرتووە و پێویستیت بە بەردەوامی هەیە، کەسێك نیازی دڵی تۆی هەیە، خەم لە رابردووت مەخۆ.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بەهۆی هەندێ کێشە و گرفتەوە، ئەو ماوەیە بێزاریت پێوە دیارە، چاکترە لە جیاتی ئەوەی خەمیان لێ بخۆیت، چارەسەریان بۆ بدۆزیتەوە، هەندێ لە بیرۆکەکانت بۆ داهاتوو گونجاوە و هەست بە کەسانی دەوروبەرت بکە و لێیان تێبگە، کەسێکی لەسەرخۆ و کارامەی، توانات هەیە و خۆشی بۆ ژیانت دابین بکە.